www.kurdistannet.org
7:29 2006-10-11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## **باپێکەوە ماڵ ئاوایی بکەین... کارزان حەمید**

مەرگەسات ئەوەیە کە تۆ دڵت بەهیچ شتێك خۆش نیە لەم وڵاتە کە مایەی هەست پێکردن بێت جگە لە کۆمەڵێك مەرگەسات وناخۆشی کەرۆژانە دووبارە دەبێتەوە، بێ ئەوەی هیچ گۆرانێکی بەسەرا بێت وئاسۆیەکی گەش بەدی بکەیت، ژیانێکی کە ئەوەندە تاڵ بێت وخودی کەسەکان قیزی لێبکەنەوە ئەبێت چ روویەکی هەبێت وپێم بلێت وەرە ماڵ ئاوایی مەکە لەمن چونکە من ژیان بەهەموو کەسێك دەبەخشم؟!.

ئەوەندە رقم لەخۆم هەڵساوە کە نەدەتوانم زاڵ بم بەسەر ئەم ژیانە پڕ بۆگەنیەو نەدەتوانم هاوپەیمانیەکی توند لەگەڵ مەرگ ببەستم، چونکو نەمەرگ پێم رازیە بەم شێوە سەردانی بکەم ونە ژیانیش وازم لێدێنێت سەری خۆم هەڵگرم وبەرەو نامۆ بوون بچم وکەس نەزانێت لەکوێم، بەڵام هەندێ کات دێتە سەرم وەك ئەو بەعسیەپڕ نەعلەتیە نەفرەت لە ژیان بکەم وهەرگیز لەگەڵی نەدوێم، بەڵام کات وگەردوون رێگەم نادات نەفرەتی لێبکەم وبێجگە لەمەش رقم لەهەموو شتێك هەڵساوە وئەمەوێت رقی خۆم بەهەموو کەسێك دەربکەم وبەتایبەت ئەو خوایەش کە منی هێنایە دونیا، هەرگیز باوەڕ ناکەم کەسێك ئەوەندەی من رقی لەخۆی بێت کە ئەوەندە دەژێت وبێزار بووبێت لەزۆری تەمەنی کە چەندی لێك دەدەمەوە زۆر زۆرە وکۆتایی نایەت ئەو هەموو ژمارانەیە کە پڕن لە 2، 5، 6، 4، 7 ئەبێ کەی بگاتە ژمارە زیرۆ وکۆتایی بێت ئەم حیساب کردنەی تەمەن لەدەست ژیان رزگارمان بێت؟!.

ئەبێت تا چەند خوداکانیش دڵیان بەوە خۆش بێت کە کەسێکی زۆرتر لەدۆزەخەکەیان دەووستێنن بەوەی لێیان یاخی بووە؟ئەوساش من یاخی بوونی خۆم رادەگەیەنم دژی هەموو خواکانە کە بیانەوێ مرۆڤەکان بسوتێنن یان سزا بدەن کە نەلەم ژیانە ئاسودە بوون بەختەوەرییان دیتبێ ونە مەرگێکی شایستەیان پێدەبەخشێ؟ئاخۆ کەسێك نە وەکو مرۆڤەکان ژیابێت ونە وەکو ئاژەڵ؟ئەوە چ وێژدانێك پێی قبوڵە کە بیر لە سزا کردنی بدات وەیان بیەوێت پیاوەتی بەسەریدا بفرۆشێت کە پێی بڵێت من وام کرد وئەوەم کرد، من لەلای خۆم هەرگیز ئامادەنیم پێی بڵێم ئەوەی یەك تۆزە مسقاڵێك هەست ویژدانی هەیە وهیچ ئاکارێکی راستی تێدا نابێت کە کەسێکی هەژار ئازار بدات چونکو نەخواش ئەمە دەکات وئەگەریش بیکات ئەوە هیچ جیاوزییەکی نیە لەگەڵ مرۆڤە قەڵەوەکانی ئەم ژیانە وخودایەکی بەرژەوەند پەرستە نەوەکو خوایەکی بەسۆز ومیهرەبان؟! وەکو دەیگێڕنەوە لە نێو لاپەرەکانی ئایین.

من دەمەوێت بڕۆم بۆ نەمان ودەمەوێت دوور بم لەگشت شتێك وکەسێك بێئەوەی کەسێکم لێوە نزیك بێت، ئەمەوێت بەتەنیا بم وەکو ئەو برادەرەی گووتی ( (ئای هەموو تەنیایە چییە وخوادیە ئەگەر لەوە زیاتر تەنیا ترم بکەی منیش ئیعلانێتی خوایی دەکەم) ) .

ئەمەوێت بپرسم بۆ چی خەڵك رێگە نادات بەتەنهاو لەو دەشتەو شاخە بژیم ودوور بم لەهەموو مرۆڤێك ئەمەوێت وەکو وەحشی بژێم وکەس مافی لەسەرم نەبێت.

هیواشم وایە خەڵك بەجددی بیر بکاتەوە وچیتر نەچنە ناو ژیانی کەسانی ترەوە و خۆیان بەخوڵقێنەری ئەوتان بزانن وبا بەس بێت ئەو مامەڵە گەوجەیەی ژیانمان.

کەرکوك – کوردستان